# باشترین شت ئەوەیە دەزگای ئاسایش لەبەر یەك هەڵوەشێندرێتەوە

سمكۆ عەبدولكەریم

بە نیاز نەبووم یەك وشەش لە سەر باندەكەی شێخ زاناو دەست و بازوی ئاسایش و حكومەتەكەم بنووسم ، وەك هەندێ كەسی تریش داوا لە كەس ناكەم بەدەنگ بێن یان بێدەنگ بن ،وەك ئەو برادەرەی داوای كردوەو رەخنەی لە رۆشنبیران گرتوە، كە دەنگی رۆشنبیران تاكە دەنگێكە لە بەرامبەر ئەو مەسەلەیە بێدەنگ و نووزەن ، ،بەراست رۆشنبیر قسە لەسەر چی بكات؟ لە سەر وەزارەتی ناوخۆ كە نزیكەی (10) ساڵە لەپاڵ ئەودا هاولاتی بێگوناه سەردەبڕدرێت وسوكایەتی پێدەكرێ و ئاگای لێ نییە، و چەندین جار لە لایەن رۆشنبیرانەوە داوا لە وەزیر كراوە ئیستیقالە بدات ، بەلآم هیچ ، یان بۆسەر ئەو كەسانەی بەبێ بەلگە دەسكی تەلەفۆنەكانیان هەڵدەگرن و لەسەر ئەو فەلسەفە كۆنەی كە دەیگوت: هەر كاتێك دوو ماسی لە نێو ئاودا بەشەڕ هاتن ئەوە دەستی ئیمپریالیزمی ئەمریكای تێدایە، ئێستاش دێن لەسەر شاشەی تەلەفزیونەكان قسە دەكەن و هەموو ئەو تاوان و باندە تیرۆرستییە دەدەنە پاڵ مۆسادی ئیسرائیلی ، من لە هەموو ئەو مەلاو حزبە سیاسیە ئیسلامیانەی كوردستان و پسپۆڕانی بواری كۆمەلآیەتی ودەروونی دەپرسم : ئیستا لە تواوی دونیادا چ فەلسەفەو ئایدۆلۆژیاو بیرو ئاینێك دەتوانێ مرۆڤێك بەرهەم بێنێ و ئەو راستییەی لە دڵ ودەروونـدا بچینێو باوەڕی پێبێنێ كە لە پێناو مەبدەئەكەیدا خۆی بتەقێنێتەوە ؟ زۆر سەیرم بەو بۆچوونە دێ كە دەڵێ : بۆ هەر مزگەوت دەكرێتە سەرچاوەی بەرهەم هێنانی ئەم جۆرە كەسانە ، ئەی ئەوەنییە زۆربەی ئەندامەكانی ئەو باندە دەرچووی كۆلیژە علمانییەكانن ، وەك ئەوەی ئەو برا ئیسلامیانە ئاگایان لەوە نەبێ كە بەقسەی خۆیان مزگەوت بە شێوەیەكی موتلەق شوێنی خوا پەرستی و فێربوونی ئەخلاق و شتەجوانەكان ومرۆڤ دۆستیو رێزگرتنە لە بەها مرۆڤایەتیەكان و خراوەتە چوارچێوەیەكی زۆر موقەدەسەوە ،

بەلاَم لە بۆچوونی ئێمەدا زانکۆکان شوێنی بەرهەم هێنانی مرۆڤن بە هەموو ئاراستە جیاجیاکانەوە ، زۆر ئاساییە لە زانکۆ ئیسلامییەك بەرهەم بێت و جێشی ببێتەوە، بەلاَم ئاسایی نییە لە چوارچێوەی موقەدەساتی ئیسلامدا لە مزگەوت کەسێکی علمانی جێیببێتەوە،واتە ئەوان هەموو شتە جوانەکانیان بۆخۆ داناوەو شتە ناشرین و خراپەکانیشیان داوەتە پالّ بیرو ئایدۆلۆژیا و لایەنە جیاجیاکانی نا ئیسلامی، زۆرجار لەمێزگردەکاندا بەرپرسان و خەڵکانێکی دیکەی حزبیش پاساو بۆ دەسەلاّتی حزبەکەیان دێننەوە و دەلّێن : ئەی ئەوە نییە لە ولاتێکی وەك ئەمریکاو بەریتانیاش بەو هەموو پێشکەوتنەوە کاری تیرۆرستی دەکرێ، بەو مانایەوە دەیەوێ بلّێ کەس ناتوانێ پێش لە کاری تیرۆرستی بگرێ ، من ئەنجامدانی هەموو کارو هەولّێکی تیرۆرستیم پێ ئاساییە کە لێرەو لەوێ روودەدات ، بەلاَم ئەوەی ئاسایی نییە ئەویە چۆن ئەفسەرێکی ئاسایش توانی ئەو هەموو ساڵە لە شوێنێکی وا هەستیار بمینێتەوەو کەس هەستی پێنەکات ،چۆن ئەوەندە ساڵە لە پالّ وەزارەت ئەو هەموو تاوانە ئەنجامدراو ، وەزات پێی نەزانێ، ئۆتۆمبێلێکی پڕلە(tnt)چۆن ئاوا بەئاسانی گەیشتە ئەو شوێنە،من ئەوکاتە هەستم بە مەترسی تەواو کرد کاتێك بینیم سەنگەری بەرگری کردن و خۆپاراستن گەیشتە نێو ماڵەکانمان ، زۆرجار ئەو پرسیارەم دەکرد باشە ئەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەت و دام دەزگا حکومیەکان لە ناو جەرگەی شاردا بە شورەی پۆلاین دەورە دران و لە مەترسیەکان دوورخرانەوە ، ئەی سەلامەتی هاولاّتیان کێ لێی بەرپرسەو چۆن دەپارێزرێ، لە کاتێدا زۆرجار دەزگاکانی ئەمنی و پۆلیسی هاتوچۆ لە نیو شاردا هەر بۆ ناو بازگە دادەنێنەوەو پارچە کاخەزێك بەدەستەوە دەگرن و سەد دووسەد ئۆتۆمبێل بە سەریەکدا کەلەکەدەبێ ، لەو کاتەدا ئەگەر بچووکترین تەقینەوە رووبدات بە سەدان هاولاّتی دەبنە قوربانی ، بۆیە من پێم وایە جگە لەوەی کە دەبێ ناوەوەش کۆنترۆل بکرێ ، بەلاَم دەبێ سەنگەری سەرەکی بەرگری و خۆپاراستن لە دەوروبەری شار تۆکمە بکرێ ، ئەگەر دەزگا ئەمنیەکانیش دەلّێن ئەومان کردوە ئەوە من نمونەیەکی زۆر سادەی بۆ

دێنمەوە ، لە ڕۆژانی مەڕاسیمی هەڵبژاردن و سوێند خواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا چەند ڕۆژێك ڕێگاوبان و دەروازەکانی شار بەوپەڕی هێزەوە بەڕووی هاولاتیاندا داخران ، ئەو ڕۆژی لەگەڵ تاکسییەك سەرکەوتم ، باسی گیرانی ڕێگاوبانەکانی کرد گوتی ئێوارەی ئەو ڕۆژە لە مەخمور دەگەڕامەوە لە بازگەی دەروازەی شار ڕێگاو ڕێگا گەڕاندمیانەوەو لێنەگەڕان بگەڕێمەوە ماڵەکەم لە هەولێر، ڕەنگە تائێرە ئاسای بێ و بڵێین بۆ پاراستنی ئەمنی ئەوە کراوە،بەلام شوفێری تاکسییەکە گوتی دوای هەوڵێکی زۆر هەر ڕێگەیان نەدام ناچار ملی ڕێم گرت و بەو دەشتەدا خۆم کردەوە بە نێو هەولێردا ، منیش گوتم یانی ئەگەر ئۆتۆمبێلێکی پڕ (tnt)ی شت پێبا بە سەلامەتی دەتگەیاندە ناو هەولێر ، گووتی حەیفت نەکرد، بۆیە پێم وایە لەم ڕووەوە بۆشاییەکی زۆر هەیە،ئەوە جگە لەوەی هیچ جۆرە پەیوەندیەك لە نێوان هاولاتیان و دەزگا ئەمنیەکاندا نییە پێشم وانییە دوای گیرانی ئەو باندە ئەو پەیوەندییە ئاوا بە ئاسانی درووست بێ ، لە کاتێکدا بە چەندین شێوە دڵی ئەو خەڵکەی هەولێر ڕەنجاوە کەم کەس هەیە بەهەر شێوەیەك بووبێ لێکۆلینەوەی لە گەڵ نەکرابێ‌و ئەزیەت نەدرابێ یان چەند ڕۆژێك بۆ دەرمان نەخرابێتە کونجی زیندان، هاولاتی هەیە تەنیا لەسەر ئەوە بانگ کراوەو لێکۆلینەوەی لەگەڵ کراوە کە بۆچی بەشداری ئەو خۆپیشاندانەی نەکردوە کە بە بۆنەی زیادکرنی دەرمالەی ماموستایان کاتی خۆی لە هەولێر ڕێکخرا، پیرەمێردی وا هەیە بە درێژایی شۆڕشی ئەیلول پێشمەرگە بووە وئاوارەی ئێران باشوری عیراقیش بووە ،کەچی لەسەر هیچ چەند ڕۆژێك هەر لە گۆترە خراوەتە بەندیخانە، باشترین شت بۆ گێڕانەوەی ئەو متمانەیە ئەوەیە حکومەتی هەرێم بەزووترین کات دەزگای ئاسایش لەبەر یەك هەڵوەشێنێتەوەو لە نوێوە دەزگایەکی تازە بە ناوێکی ترو لەسەر بنچینەیەکی ئەکادیمی وتۆکمە جێی متمانە دابمەزرێنێتەوە ،